# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشە و گرفتەکانی کارەبا لە گەرمیان

1/7/2020

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٢ |
| بەشی یەکەم:  راپۆرت | |
| یەکەم: کارەبای نیشتیمانی | ٢ |
| گرفتەکانی کارەبای نیشتیمانی | ٤ |
| گرفتەکان چۆن هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت؟ | ١٢ |
| دوەم: کارەبای مۆلیدە ئەهلیەکان | ١٨ |
| بەشی دوەم | |
| دەرەنجام و راسپاردەکان | ٢١ |
| بەشی سێیەم | |
| ناساندن | ٢٤ |

**بەشی یەکەم: راپۆرت**

## پێشەکی:

کارەبا یەکێک لە کێشە تازە/کۆنەکانی هەرێمی کوردستانە، سەرباری تێپەڕینی سالآن، ئەم کێشەیە بە تەواوی چارەسەر نەکراوە و بەڵکو گرفتی زۆری بۆ ژیانی هاولآتیان دروست کردوە.

ئەم کێشەیە لە گەرمیاندا کاریگەریی و لێکەوتەکەی زۆرترە، بەهۆی کەشوهەوای گەرمی ناوچەکەوە کە بونی کێشە لە کارەباکەی دا وادەکات کێشەی زۆر تر بۆ هاولآتیان دروست ببێت.

لەم راپۆرتەدا بە وردی تیشکخراوەتە سەر ئەم کەرتە بە هەردو بەشەکەیەوە: نیشتمانی و ئەهلی. بەشێوەیەک زانیاریی لەبارەی بڕی بەرهەم و سەرچاوەکەی خراوەتەڕو، هەروەک خاڵ بە خاڵیش دیارترین کێشەکانی دەستنیشانکراوە و وەلآمی بەرپرسانیشی لەبارەوە وەرگیراوە.

### یەکەم: کارەبای نیشتیمانی

**١. سەرچاوەی کارەبای نیشتیمانی گەرمیان**

لە کوردستان تۆڕی نیشتیمانی دابەشکردنی کارەبا هەیە، گەرمیان ڕێژەی ٤،٧٪ی کۆی بەرهەمی کارەبای هەرێمی پێدەرێت. بەپێی ڕێنمای ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٩ فەرمانگەی کارەبا بە پێی سنوری جوگرافیا وزەی کارەبا دەدەن بە هاوبەشەکان، بەوتەی بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان لە ڕێگەی دو هێڵی kv١٣٢ ئەو ڕێژە کارەبایە دەگاتە گەرمیان.

ئەم دو هێڵە یەکێکیان لە وێستگەی کارەبای قەزای چەمچەماڵەوە دێتە گەرمیان، ئەوەی دیکەیان لە وێستگەی کارۆئاوی بەنداوی دەربەندیخانە.

**٢. هاوبەشەکانی کارەبا**

بەپێی داتا و ئامارەکانی وەزارەتی کارەبا، ژمارەی هاوبەشانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەک ملیۆن و شەسەد هەزار هاوبەشە، ژمارەکە جێگیر نیە و بەردەوام لە زیاد بونە.

بە پێی دواین ئاماری مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٠، ژمارەی هاوبەشانی کارەبا لە گەرمیان (٧٢) حەفتا و دو هەزار و (٤٩١) چوارسەدو نەوەدو یەک هاوبەشی کارەبا هەیە لە سنورەکە، بەرێژە ٤،٥٪ هاوبەشی کارەبای کوردستان لە گەرمیانە.

**خشتەی ژمارەی هاوبەشەکانی کارەبا لە گەرمیان**

| پۆلی هاوبەش | ماڵان | بازرگانی | پیشەسازی | کشتوکاڵ | حکومی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی هاوبەش | ٦١٧٥٣ | ٨٢٨٩ | ١٦٦ | ١٢٧٨ | ١٠٠٥ | ٧٢٤٩١ |

**٣. بڕی مێگاواتی دابینکراو و کاتژمێرەکانی کارەبا**

بڕی مێگاواتی کارەبای نێردراو بۆ گەرمیان بەبەردەوامی دەگۆڕێت، هەمو دو کاتژمێر جارێک کۆنتڕۆڵی هەرێم ئاگەداری کۆنتڕۆڵی کارەبای پارێزگا و ئیدارەکان دەکاتەوە لەسەر بڕی مێگاواتی دابەشکراو.

سۆران محەمەد، بەڕێوبەری کۆنتڕۆڵی کارەبای گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد بڕی (١١٠-١١٤) مێگاوات بۆ ئەم مانگەی گەرمیان دیاری کراوە کەدەکاتە (١٤-١٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، وەکخۆی دەڵێت: "بڕەکە جێگیر نیە و لەسەر بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێم دەوەستێت".



**دو دیمەن لە ژوری کۆنتڕۆڵی کارەبای گەرمیان**

هاوکات هێمای بەوەشکرد ئێستا کار لەسەر بە گەڕخستنی وێستگەی کارەبای خەبات دەکرێت، بە خستنەکاری ئەو وێستگەیە بڕی ١٥ مێگاواتی دیکە بۆ کارەبای گەرمیان زیادەکرێت.

بۆ دابەشکردنی تەزوی کارەبا، گەرمیان بە سەرجەم قەزا و ناحیەکانەوە کراوە بە چوار زۆن، زۆنێکیان تایبەتە بە گوندەکان و سێ زۆنەکەی دیکە ناوەندی قەزا و ناحیەکانە.

## ٤. توانای ڤۆڵتیە

هاوڵاتیان بەجیاواز باسی توانای ڤۆڵتیەی کارەبای نیشتمانی دەکەن، هەندێک بە باشی دەزانن هەندێک دەڵێن نزمە.

هەڵمەت عومەر، ڤۆڵتیەی کارەبای نیشتیمانی بەکەم دەزانێت و دەڵێت: بەوهۆیەوە یەکێک لە ئامێرە فێنکەرەوەکانی ماڵەوەم فرۆشتوە.

نزمی ڤۆڵتیە لە ناحیەی باوەنور جیاوازترە. هەکاری محەمەد حاجی، تیشکی خستە سەر ئەم گرفتەی ناحیەکەیان و وتی: ئاستی کارەبای ماڵان زۆر لاوازە و ناتوانین بەزۆری بەکاری بهێنین.

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان بەمشێوەیە وەڵامی ئەم تێبینیەی هاوڵاتیان دەداتەوە: "توانای ڤۆڵتیەی کارەبا ئێستا لە تەواوی هەرێم جێگیرە کە ١٣٢ کیلۆ ڤۆڵتە. ڕاستە پێشتر ڤۆڵتیە بەرز و نزم دەبو، بەڵام پاش دانانی وێستگەی کارەبای چەمچەماڵ، ئەو گرفتە نەما".

درێژەی بە وەڵامەکەی داو تیشکی خستە سەر ئەوەش کە ئەو ١٣٢ کیلۆ ڤۆڵتە ونبونی هەیە و تادەگاتە ماڵان دەبێت بە ١٣٠ کیلۆ ڤۆڵت، لەگەڵ ئەوەشدا توانای محاویلەکان ڕۆڵ دەبینێت بۆ گەشتنی ئەو بڕە بەماڵان.

## ٥. گرفتەکانی کارەبای نیشتیمانی

### ا. کەمی کاتژمێرەکانی کارەبا

هاوڵاتیان گلەیان هەیە لە کارەبا و بەڕێوبەری کۆنترۆڵی گەرمیانیش دەڵێت: ئەمساڵ جیاواز کارەبا دەدەن بە هاوڵاتیان.

هەڵمەت عومەر، دانیشتوی کەلارە، دەڵێت: کارەبا ئەوەندە کەمە نازانم چەند کاتژمێرە.

لە گوندەکانیش بەهەمانشێوە هاوڵاتیان رەخنەیان هەیە. لە گوندی (بێڕەش)، سەردار حسێن، دەڵێت: "ئەوەندەی هەیە ١٢ کاتژمێر کارەبامان هەیە، بەڵام لە کاتەکانی پشوی ئێمە زۆرجار نیە".

هاوکات هەندێک لە هاوڵاتیان باس لە باشبونی کارەبا دەکەن لە چاو ساڵانی رابردو.

ئیمان نوری، دانیشتوی ناحیەی سەرقەڵا، وتی: کارەبای نیشتمانی لەچاو ساڵانی رابردو زۆر باشترە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە گرفت نەبێت، بەتایبەت لەئێستادا کە وەرزی هاوینە و بارودۆخ گونجاو نیە، هاوڵاتیان زیاتر پێویستیان بەکارەبا هەیە.

یەکێک لەو گرفتانەی هاوڵاتیان تیشکیان خستۆتەسەر لە کارەبای گەرمیان، جێگیر نەبونی کاتژمێرەکانی کارەبایە لەگەڵ پچڕ پچڕی کاتی پێدانی کارەبای نیشتیمانی.

بەڕێوبەری کۆنترۆڵی کارەبای گەرمیان، لە وەڵامی ئەم تێبینیەدا وتی: بۆ ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی دیکە کاتی کارەبامان رێکخستوە، ئەو پچڕ پچڕیەمان نەهێشتوە کە ساڵی رابردو دو کاتژمێر کارەبا دەبو چوار کاتژمێر هاوڵاتی بێکارەبا دەبو.

بەڵام هۆکاری جێگیر نەبونی کارەبای گەڕاندوە بۆ گۆڕانکاری بەردەوامی بڕی نێردراوی کارەبا لە وێستگەی نیشتیمانیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: "ئەمە بەردەوام نیە هەندێکجار رودەدات".

**ب. گرفتی کارەبا لە نێوان بڕی بەرهەم هێنان و ئیدارەدانی**

پسپۆڕێکی بواری کارەبا ئاشکرای دەکات ساڵ دوای ساڵ بەرهەم هێنانی کارەبا زیاد دەکات، بەڵام بەهۆی زیادەڕۆیی (دزینی)، ئەم خزمەتگوزاریە بۆ هاوڵاتیان نەبوە بە ٢٤ کاتژمێری، ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپ ئیدارەدانی، وەکخۆی دەڵێت: ئەگینا بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە ئاستێکی باش دایە.

سالار ئەحمەد، پسپۆڕ لە زانستی کارەبا، لە بارەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێم وتی: ئێستا لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام ئیدارەدانی گرفتی هەیە، چونکە بڕێکی ئێجگار زۆر سەرپێچی هەیە لە راکێشانی کارەبا بۆ ماڵان و باخ و کارگەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەدانێکی بەهێز نیە پێکەوە ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن هاوکاری یەکبن.

بەرهەم هێنانی کارەبای هەرێم لە ساڵی رابردو ٣٨٠٠ مێگاوات بوە، بەڵام لۆد لەسەری ٦٥٠٠ مێگاوات بوە.

ئەو پسپۆڕەی کارەبا هێمای بەوەشکرد ئەو ئامێرانەی بەکارەبا کاردەکەن و دەهێندرێنە هەرێم هیچ چاودێریەکیان لەسەر نیە، بۆنمونە: ئامێری فێنکەرەوەیەک ١٣ ئەمپێر کارەبای دەوێت، بۆیلەرێک بەهەمان شێوە، ئەمە دەبێت چاودێری لەسەر بێت و بەو شێوەیە ناکرێت داخڵ بە هەرێم بکرێت یان نابێت رێگە بدرێت ماڵێک زیاد لە پێویست چەند ئامێرێکی فێنکەرەوەیان هەبێت.

پێشنیاریش دەکات هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانن برە کارەبایەکی کەمتر بەکاربهێنن، موبەریدەی "دفن" بەکاربهێنن بۆ ژورەکانی ماڵەکانیان، بۆ ئەمەش دەبێت چەند لایەنێک پێکەوە هەماهەنگ بن بە بڕیار جێبەجێی بکەن بۆ هەر خانویەک یان پرۆژەیەکی نوێی نیشتەجێبون.

قسەکردن لەسەر بەکارهێنانی زیاد لەپێوستی کارەبا، گلەیی هاوڵاتیانیشە کە بەهۆکاری ئەوەی دەزانن ئەو خزمەتگوزاریەیان باش بۆ فەراهەم ناکرێت.

سەیوان عەزیز، دانیشتوی کەلارە، لە بارەی شێوازی بەکارهێنانی کارەبا لە لایەن هاوڵاتیانەوە دەڵێت: "کەم کەس هەیە لە شارەکەی من کە پێویستی بە گڵۆپێک نەبو بیکوژێنیتەوە، یان بەردەوام لە هاوین ئامێری فێنکەرەوەکەی لە نزمترین ژمارە دانەنێت، راستە ئێمە کاتژمێری کارەبامان کەمە، بەڵام بە باشی بەکاری ناهێنین کە هەر خۆشمان زەرەرمەندین".

**پ. نرخی کارەبا و قەرزی هاویەشەکان**

رەخنەیەکی تری هاوڵاتیان لە کەرتی کارەبا، نرخەکەیەتی. ئەوان باس لەوەدەکەن بۆ ئەو چەند کاتژمێرەی کارەبا، نرخێکی زۆر دانراوە.

سەردار حسێن، دانیشتوی گوندی بێڕەش لە گەرمیان، هێمای بۆئەوەکرد لەکاتی خۆی پارەی کارەبا دەدەن، بەڵام بۆ ئەو کاتژمێرانەی کە کارەبا هەیە، پارەکەی زۆرە.

هەکاری محەمەد، دانیشتوی ناحیەی باوەنور، هەمان رای هەیە لە بارەی گرانی نرخی کارەبای نیشتمانی و دەڵێت: "پارەی کارەبا زۆرە، چونکە هەڵسەنگاندن بۆ بڕی داهاتی خێزانی و تاک نەکراوە بەرامبەر کولفەی پارەی کارەبا کە داهات سنوردارە، بۆیە پارەی کارەبا نادرێت".

هاوکات حسێن حەسەن، لەکاتی خۆیدا پارە دەدات، بەڵام گلەی لەوە هەیە کە هەندێکجار بڕی پارەکە زۆرە.

نرخی کارەبا لە ئەنجومەنی وەزیران دیاری کراوە، بۆ گۆڕینیشی دەبێت لیژنەی باڵا لە ئەنجومەنی ناوبراو بڕیار بدات.

بەپێی ڕێنمای ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٩ی وەزارەتی کارەبا، کرێی کارەبای کارپێکراوی بەمشێوەیە دیاریکردوە:

| ژ | سەرفکردن لە ماوەی مانگێک kwh | یەکەی سەرفکردن لە مانگێک بە kwh | نرخی کارەبا بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١ | ١-٤٥٠ | ٤٥٠ | ١٥ |
| ٢ | ٤٥١-٩٠٠ | ٤٥٠ | ٢٠ |
| ٣ | ٩٠١-١٥٠٠ | ٦٠٠ | ٣٠ |
| ٤ | ١٥٠١-٢١٠٠ | ٦٠٠ | ٦٠ |
| ٥ | ٢١٠١-٣٠٠٠ | ٩٠٠ | ٧٥ |
| ٦ | ٣٠٠١-٥٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٥٠ |
| ٧ | ٥٠٠١ —بەرەوسەرەوە | ....... | ٢٠٠ |

بە وتەی بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، پێدانی پارەی کارەبا لەلایەن هاوبەشەکانی کارەباوە دوای قەیرانی دارایی خراپ بوە، بەمەش داهاتی کارەبا کەمی کردوە. ئاماژەی بەوەشکرد پێش داواکەوتنی موچە و کۆرۆنا، بەدەمەوەهاتنی هاوڵاتیان باش بوە بۆ پێدانی پارەکە، نمونەی ئەوەشی هێنایەوە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا داهاتیان ٢٠٠ ملیۆن بوە، ئەمە لەکاتێکدایە لە ساڵانی رابردو مانگانە داهاتی کارەبا لە گەرمیان گەشتوەتە ٨٠٠ ملیۆن.

بە پێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان، کۆی قەرزی هاوبەشەکانی کارەبا ٣٠ ملیار و ٤٢٦ میلۆن ٣٩٤ هەزار و٧٦١ دینارە، لە خشتەی لاپەڕەی داهاتودا دابەشکاری بۆ قەرزی هاوبەشەکانی کارەبا دەکەین لە سنوری گەرمیان.

## خشتەی قەرزی هاوبەشەکانی کارەبا لە گەرمیان تا مانگی ٤ ساڵی ٢٠٢٠

| پۆلی هاوبەش | ماڵان | بازرگانی | پیشەسازی | کشتوکاڵ | میری | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕی پارەی قەرز | ١٦،٤٣٧،٤٢٨،٩٤١ | ٤،٤٩٠،٩٠٢،١٩٠ | ١،٢٩٢،٠٠٤،٧٩٥ | ١،٤٣٧،٠٣٦،٧٧٨ | ٦،٧٦٩،٠٢٢،٠٥٧ | ٣٠،٤٢٦،٣٩٤،٧٦١ |

**ت. بەڕێوبەری کارەبای گەرمیان: لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارمان نین**

وەزارەتی کارەبا و بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان بە نوسراو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان ئاگەدارکردوەتەوە بۆ ئەوەی بەفیڕۆچونی کارەبا پێکەوە کەم بکەنەوە، بەڵام وەک بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان ئاماژەی بۆ دەکات، هاودەنگ نین لەگەڵیان.

حازم کەریم، باسی لەوەشکرد بە وەبەرهێنانیان وتوە کە خانویەک دروست دەکرێت بە بڕە پارەیەکی زۆر مەرجی لەسەر دانێن لە ڕێگەی خۆرەوە کارەبا دابینبکرێت بۆ بیناکەی، چونکە بەدڵنیایەوە توانای مادی ئەو کەسانە باشە بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی دیکە سودمەند بن لەو بڕە کارەبایەی لەو خانوە یان ئەو بینایە بەکاردەهێنرێت.

هاوکات شارەوانیەکانی سنورەکەیان ئاگەدار کردوەتەوە ڕێگە نەدەن بە دروستکردنی خانو و بینا بە بلۆک و خشتی بێ کوالێتی.

حازم کەریم، ئاماژەی بەوەشکرد تەنانەت نوسراویان بۆ پیشەسازی کردوە کە کارگەکانی بلۆک ئاگەدار بکەنەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە زیادی بکەن بۆ ئەو بلۆک و خشتانەی کە دروستی دەکەن بۆ ئەوەی گونجاوبن لەگەڵ کەشوهەوا و وزەیان کەمتر بوێت بۆ سارد و گەرمکردنەوە.

بەڵام گرفتەکە وەکخۆی بەردەوامە!

لەبارەت بەکارهێنانی ئامێرەکانی فێنکەرەوەش، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان دەڵێت: بەتەنها ڕێنماییمان داوەتە هاوڵاتیان کە لەسەر پلەی گەرمی ٢٥° سپلتەکانیان کارپێبکەن، ئەگینا ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمە نیە بۆچی بەو ژمارە زۆرە و بێچاودێری داخڵ دەبن.

**ج. زیادەڕۆی و سەرپێچی کارەبا**

زیادەڕۆیی کردن "تجاوز" لە کێشانی کارەبا و هەروەها کێشانی هێڵی کارەبای نایاسایی، بە رادەیەکە کە لە کۆی دانانی ٢٥ هەزار ئامێری پێوەری زیرەکی کارەبا لە کەلار، ٦٣٥ سەرپێچی و زیادەڕۆیی ماڵان تۆمارکراون و زیادەڕۆییەکان لابراون.

ئەگەر لەم دو ژمارەیە رێژە وەرگرین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی زیادەڕۆییکردن لە کەلار کە لەم قەزایەوە دەست بە دانانی پێوەرەکە کراوە، نزیکەی ٣٪ دەبێت، واتا لەسەر ١٠٠ ماڵێک، ٣ ماڵ زیادەڕۆییان کردوە.

حازم کەریم، ئاماژەی بەوەکرد بەهۆی کەمی ستافەوە لیژنەی بڕینی زیادەڕۆیی هاوشانی لیژنەی دانانی پێوەری زیرەک کاریان کردوە، بەو شێوەیە کارەکەیان باشتر کردوە.

زیادەڕۆیی و سەرپێچیەکانی کارەبا لەگەرمیان پێکدێت لە:(هاوبەشی نەکردن، راکێشانی کێبڵی زیادەی کارەبا، زیادەڕۆیی کردن لە پشتی سەعاتی کارەبا).

لەبارەی راکێشانی کارەبا بۆ ئەو باخانەی لە دەرەوەی شارن، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان هێمای بەوەکرد: بۆ دروستکردنی باخ ئەگەر کشتوکاڵی بێت و خانوی تێدابکەن، دەبێت پشتگیری لە کشتوکاڵ بهێنن لەگەڵ ئیدارەی سنورەکە. ئەگەر کشتوکاڵی نەبو ئەوە دەبێت بەشی یاسایی کارەبا ئاگەداربکاتەوە لەرێگەی لیژنەی تایبەتەوە بەدواداچونی بۆ دەکرێت ئەوکات کارەبای بۆ دابیندەکرێت.

**چ. راکێشانی کارەبا لە ژێر زەوی بۆچی لە گەرمیان پەیڕەو نەکراوە؟**

کارەبا بە دو شێواز دەتوانرێت بگەیەنرێت بە ماڵان، یەکەم: ژێرزەوی "دفن"، دوەم: سەرزەوی لە رێگەی ستونەوە. لە گەرمیان تەنها لە گەڕەکێکی پرۆژەی نیشتەجێبونی کەلار شێوازی یەکەم پەیڕەوکراوە.

سالار ئەحمەد، مامۆستا لە بەشی کارەبای پەیمانگای تەکنیکی کەلار، رونیکردەوە راکێشانی کارەبا لە ژێر زەوی کۆمەڵێک خاڵی باشی هەیە، لەوانە: بەفیرۆچونی کارەبا کەمترە، لەروی سیانەکردەوە تێچوی کەمترە، کاریگەری دەرەکی لەسەر نیە وەک با و بۆران و بەرکەوتنی بەهۆی روداوەکانی هاتوچۆوە.

هۆکاری بەکارنەهێنانی لە گەرمیان و کوردستان گەڕاندەوە بۆ بڕی تێچوەکە کە سێ هێندەی راکێشانی کارەبایە لە رێگەی ستونەوە.

### ح. گەرمیان ٤٣ گوندی بێکارەبایە

بە پێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان ٤٣ گوندی سنورەکە کارەبای نیشتیمانیان بۆ دابیننەکراوە کۆی گشتی ئەو ماڵانەی لەو گوندانە نیشتەجێن ٢٤٢ ماڵن. لەم دایەگرامەدا دابەشبونی گوندە بێ کارەباکان دەخەینەڕو.

| شوێن | قەزای کەلار | قەزای کفری | قەزای خانەقین |
|---|---|---|---|
| ژمارەی گوند | ١٧ | ٢٠ | ٦ |

**خشتەی ژمارەی ئەو گوندانەی قەزاکانی گەرمیان کە کارەبای نیشتیمانیان نیە**

لەو ١٧ گوندەی سەر بەکەلارن، پێنج گوندیان سەربە ناحیەی رزگارین، ئەوانیش گوندەکانی: (دەنگەوەرە، کەنی زەرد، قەبری مەلا، قەڵبەزە و بوەکە) تاوەکو ئێستا کارەبای نیشتیمانیان بۆ رانەکێشراوە، بەم هاوینەی گەرمیان شەوان بە دیار چراوە رۆژ دەکەنەوە.

حسێن کەریم، دانیشتوی گوندی دەنگەوەرەیە، ئاماژەی بەوەدا: روبەروی دۆخێکی سەخت بونەتەوە بەهۆی نەبونی کارەبای نیشتیمانیەوە، بەتایبەت وەرزی هاوین کە پلەی گەرمیان لە گوندەکانیان دەگات بە سەروی ٥٠°پلەی سیلیزی. وەکخۆی دەڵێت: ئەو گەرماییەی مانگی تەموز و ئاب لە گوندەکەیان هەیە تاقەتپڕوکێنە.

باسی لەوەشکرد مۆلیدەیەکیان بۆ دابینکراوە بە بێ گاز هەر بۆیە بەکاری ناهێنن.

لەبەرامبەردا بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان باسی لەوەکرد، لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە نوسراو و دەرخستەیان بۆ دابینکردنی کارەبای ئەو ٤٣ گوندە کردوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایەوە هیچیان بۆ نەکراوە و وەڵامی نوسراوەکەیان نەدراوەتەوە.

بە پێی ئەو خەمڵاندنەی کراوە بۆ دابینکردنی کارەبای ئەو ٤٣ گوندە، بڕی تێچوی دەکاتە (٤،٧٠٨،٤٤٠،٨١٤) چوار ملیار و حەوت سەدو هەشت ملیۆن وچوار سەدو چل هەزارو هەشت سەدو چواردە دینار.

**خ. گرفتەکانی بەڕێوبەرایەتیەکانی دابەشکردنی کارەبای (کەلار و کفری)**

کەمی ژمارەی کارمەند و کرێکار، بوەتە گرفت بۆ بەڕێوبەرایەتیەکانی دابەشکردنی کارەبا لە گەرمیان.

خەلیل بەرزان، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەلار، دەڵێت: "نزیکەی ٥٤ هەزار هاوبەشی کارەبا لە کەلار هەیە تەنها ٣ کرێکارمان هەیە، چەندینجار داوامان کردوە ئەم گرفتەمان چارەسەر بکەن بەڵام نەکراوە".

لەگەڵ ئەوەشد گرفتی نەبون و کەمی ژمارەی کرێکاریان هەیە.

ئەرکی بەڕێوبەرایەتیەکانی دابەشکردنی کارەبا (چاککردن و سیانەکردنی محاویلە و شۆرتی کارەبا و خراپبونی ئەسکرت و راکێشانی کارەبا بۆ ماڵان و پرۆژەکانە).

ئەشواق ئیبراهیم، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا لە قەزای کفری رایگەیاند: ئەرکی ئەوان چاککردن و سیانەکردنی محاویلە و شۆرتی کارەبا و خراپبونی ئەسکرت و راکێشانی کارەبا بۆ ماڵان و پرۆژەکانە.

وتیشی: لە نێو قەزاکە گرفتی کارمەندمان نیە، هەندێکجار نەبێت کە لە ناحیەکان گرفتمان بۆ دروست دەبێت، بەتایبەت لەم دۆخەی ئیستا کە ڤایرۆسی کۆرۆنایە، بەڵام ئێمە هەر نەوەستاوین بەردەوام کاری خۆمانمان کردوە بەتایبەت بەشی چاکسازیمان.

**د. بەرزی پلەی گەرمی لە سنوری گەرمیان وایکردوە بڕی کارەبای زیاتری پێبدرێت؟**

لە وەرزی هاویندا پلەی گەرما لە تەواوی سنوری گەرمیان لە نێوان پلەی گەرمی (٤٥°بۆ سەروی ٥٠° پلەی سەدییە).

بۆ ئەمەش بەڕێوبەری کۆنترۆڵی کارەبای گەرمیان دەڵێت: لە پێش دوساڵ بڕە کارەبایەکی زیاتر لە وەرزی هاوین دەدرا بەگەرمیان و لەوەزەکانی دیکە لێیان وەردەگرتینەوە.

بۆ ئەمساڵ ئاماژەی بەوەکرد نوسراویان کردوە و بارودۆخی پلەی گەرمی گەرمیانیان باسکردوە بۆ سەروی خۆیان، بەڵام هێشتا وەڵامنەدراونەتەوە.

لە نوسراوەکەدا داواکراوە بڕی کارەبای دابینکراو بۆ گەرمیان لە ٤،٧٪ بکرێت بە ٥،٥٪.

## ٦. گرفتەکان چۆن هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت؟

### ١. "پێوەری زیرەک کۆتایی بەزیادەڕەوی کردن لە کارەبا دەهێنێت"

پێوەرە زیرەکی کارەبا بەگوێرەی سەرفکردن، پسولە دەنوسێت، دەوترێت ئەمە بە هەدەردانی کارەبا کەمدەکاتەوە، کارەبا بەیەکسانی و بەپێی خواستی بەکاربەر تا بڕی ٦٠ ئەمپێر بەردەست دەکات.

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان جەختیکردەوە بە دانانی پێوەری زیرەک زیادەڕۆیی کارەبا نامێنێت، چونکە هاوڵاتی ناتوانێت لەو بۆردەی دانراوە کارەبای دیکە راکێشێت، ئەوەشی لە پشتی سەعاتەوە کارەبای راکێشاوە چیتر بە کەڵکی نایەت، چونکە پێوەرەکە هەمو ئەو کارەبایە دەخوێنێتەوە کە لەو ماڵەدا بەکاردەهێندرێت و ئیتر سەعاتی کارەبا هیچ رۆڵێکی نامێنێت.

پرۆژەکە بۆ هەمو هاوبەشانی تۆڕی کارەبایە (ماڵان، شوێنی بازرگانی، پیشەسازی و کشتوکاڵی).

لە گەرمیان ٢٥ هەزار پێوەر بەستراوە، واتە ٣٤٪ هاوبەشانی کارەبا لە گەرمیان پێوەری نوێی کارەبایان بۆ بەستراوە. پرۆسەکە لە کەلارەوە دەستپێکردوە، بەڵام بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەستنی پێوەرەکە لە ١٤ی ئازار راگیرا.

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان دەڵێت: لە نزیکترین ماوەدا دەست بە دانانی پێوەرەکە دەکەینەوە.

**ڕێژەی بەستنی پێوەری زیرەکی کارەبا لە گەرمیان**




لەبارەی زیادەڕۆیی ناوچەی پیشەسازی و زەویە کشتوکاڵیەکان و بازرگانی، (حازم کەریم) ئاماژەی بەوەکرد لە گەڕەکی بەردەسورەوە دەستیان بە دانانی پێوەرەکە کردوە قۆناغ بە قۆناغ دەگەنە ئەو هاوبەشانە، بۆیە ئاماری تەواوی ئەو هاوبەشانەیان لەبەردەست نیە کە ژمارەی سەرپێچیکارانیان چەندە.

بەپێی کۆتا راپۆرتی وەزارەتی کارەبا، ٤٤٪ی کارەبای هەرێم بەهۆی زیادەڕۆیی و سەرپێچییەوە دەدزرێت، بەوتەی بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، بۆ گەرمیانیش هەمان رێژەیە.

دەشڵێت: پێوەری زیرەک ئەو ٤٤٪ دەدۆزێتەوە و کۆتایی بەزیادەڕۆیی کارەبا دێت.



**دو دیمەن لە گەڕەکەکانی کەلار لەکاتی بەستنی پێوەری زیرەکی کارەبا**

**ب.پێوەری زیرەک چۆن کاردەکات هاوڵاتیان چی دەڵێن لە بارەیەوە؟**

بەکارهینانی کارەبا لە سیستەمی بەستنی پێوەری زیرەک دیاریکراوە، هاوبەشی ماڵان دەتوانن(٢٠_ ٦٠) ئەمپێر کارەبا بەکاربهێنن، لەکاتی بەکارهێنانی زیاتر لەو برە کارەبای هاوبەشەکە دەپچرێت و دوای ٤٥ چرکە بە شێوەی خۆکرد "ئۆتۆماتیکی" کارەبا دەگەرێتەوە بۆ هاوبەشەکە.

قسەی هاوڵاتیان لەسەر پێوەری زیرەک جیاوازە، هەندێک بە باش و هەندێک بە خراپ خوێندنەوەی بۆ دەکەن.

حسێن حەسەن، رایوایە دانانی پێوەر کارێکی گرنگە و وادەکات بەفیرۆدان کەمبێتەوە کە بە شێوەیەکی ناپێوسیت برێکی زۆر کارەبا بەکاردەهێندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکات پارەکە بەشێوەی دادپەروەرانە وەردەگیرێت.

ئەوانەی خوێندنەوەی خراپ بۆ پێوەری زیرەکی کارەبا دەکەن، تیشک دەخەنە سەر بڕی ئەو ئەمپێرانەی دیاری کراوە.

ئالان حەسەن، هێمای بەمە کرد و وتی: ٦٠ ئەمپێر بۆ خێزانی قەرەباڵغ کەمە و گرفت دروست دەبێت، سیستەمی ئێستا باشە، بەخواستی خۆمان کارەبا بەکاردێنین. وەکخۆی دەڵێت: "با پارەکە هەر زۆربێت، گرنگ ئەوەیە بە پێی پێویستی خۆمان کارەبا بەکاربیهێنین".

### پ. کارئاسانی بۆ وەرگرتنەوەی قەرزی هاوبەشانی کارەبا دەکرێت

وەرگرتنەوەی پارەی قەرزی هاوبەشەکانی کارەبا بەهۆی دواکەوتنی بەردەوامی موچە و پێنەدانەوەی پاشەکەوتی موچە بە فەرمانبەران، لە چارەنوسێکی نادیار ماوەتەوە، بەڵام لە چەند رێگەیەکی جیاجیاوە کارئاسانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانە کراوە.

حازم کەریم، ئاماژەی بەوەکرد وەزارەت بەهۆی ئەم باردۆخەوە لە ئێستادا هیچ پلانێکی نیە کارەبای هابەشەکانی ماڵان ببرێت لەبەر قەرزەکانیان. دەشڵێت: چاوەڕێی وەزارەتی داراییین کە کارتی بانکی بۆ موچەخۆران دروست بکات، لەو رێگەوە دەتوانن لەکاتێکدا پاشەکەوتەکە دەخرێتە سەر هەژمارە بانکیەکانی فەرمانبەران، پارەی قەرز وەربگرینەوە.

ئەگەر بۆ هاوبەشەکانی ماڵان بەمشێوەیە چاوەڕێی هەژماری بانکی بن، بۆ هاوبەشەکانی بازرگانی، پیشەسازی و کشتوکاڵی پلان بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان چیە؟

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان وتی: بۆ ئەم هاوبەشانەمان لەبەر ئەوەی بڕی قەرزەکانیان زۆرە، بۆمان کردون بە قیست، بۆیە دەبێت پابەندی کاتی دانەوەکانی بن.

بەپێی بریارێکی وەزارەتی کارەبا و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بۆ ئەو هاوبەشانەی کە قەرزاری پارەی کارەبان لە بەرواری ١٠ حوزەیرانەوە تاوەکو ١ ئەیلول، لەکاتی هێنانەوەی دا بە رێژەی ١٥٪ لە قەرزەکانیان خۆشدەبن.

### ت. کێشەی گۆڕەر و ستونەکان

بە وتەی بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان سەرجەم گۆڕەر و ستونەکان "عامود و محاویلەکانی" کارەبا لە پێش ساڵی ٢٠١٣ـەوە چاکسازیان بۆ کراوە و هیچ عەمودێکی کۆنکرێتی لەسنورەکە نەماوە.

بەهۆی نەمانی بڕیاری خەرجکردنی ٨٪ی داهاتی بەڕێوبەرایەتیەکە لە ئێستادا گرفت بۆ چاککردنی "سیانەکردنی" محاویلەکان دروست بوە.

حازم کەریم، جەختی لەوەکردەوە ئەم بڕیارە لە دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دراوە و ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوامبێت، لەم وەرزەدا روبەڕوی گرفتی محاویلە دەبنەوە.

لەکارکەوتنی محایلەکان و گڕگرتنی، دەگەڕێندرێتەوە بۆ خواستی زۆری هاوڵاتیان لەسەر کارەبا و بەرگەنەگرتنی میحاویلەکانیش بۆ ئەو فشار و لۆدە زۆرە.

ئیمان نوری، نمونەی گەڕەکانی سەرقەڵای هێنایەوە و وتی: چەندینجار محاویلە ئاگری گرتوە لەناحیەکەمان، چونکە لۆدی زۆری لەسەرە.

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان باس لەهۆکاری سوتانی ئەو محاویلانە دەکات و دەڵێت: لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە رێکخستنەوەیەکیان بۆ کردون کە نابێت هاوبەشەکانی لە توانای خۆی زیاتربن، ئەگەریش قاتعی خۆی هەبێت لەکاتێکدا لۆدی زۆری لەسەربێت قاتعەکەی دێتە خوارەوە لەبری سوتانی محاویلەکە.

**٧. گرنگی بونی وێسگەی کارەبا لە گەرمیان**

بۆ گواستنەوەی کارەبا لە قەزای چەمچەماڵەوە بۆ گەرمیان دوری ١٤٥ کیلۆمەترە، کە لەم نێوەندەدا ون بونی کارەبا هەیە، بەدەر لە خەرجی زۆر لە کاتی چاکسازیکردن تێیدا.

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان دەڵێت: ئەگەر وێستگەی کارەبا لەگەرمیان بێت بەوهۆیەوە ڤۆڵتیەی کارەبا بەرزدەبێتەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا لەکاتی بونی وێستگەی کارەبا لە ناوچەیەک تایبەتمەندی دەدرێت بەو ناوچەیە کە بڕێک مێگاواتی کارەبای زیادەیە کە دەکاتە چەند کاتژمێرێک کارەبای زیاترە بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە.

**٨. بەتەنها لەیەک بلۆکی نەوتی گەرمیان دەتوانرێت کارەبای ٢٤ کاتژمێری بەرهەمبێت**

لە گەرمیان چەند بلۆکێکی نەوت هەیە، لە دو بلۆکی ئێستا نەوت دەردەهێندرێت و گازەکەشی دەبێتە دوکەڵ و دەچێتە ناو ژینگەکەیەوە لەبری بەکارهێنانی وەک سەرچاوەیەکی سوتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەمە لە کاتێکدایە بە وتەی شارەزایەکی بواری نەوت، دەتوانرێت کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ تەواوی سنوری گەرمیان دابینبکرێت بەو گازە.

د. غالب محەمەد، پسپۆڕی بواری کیمیایی و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەختی لەوەکردەوە کە ئەگەر وێستگەیەکی کارەبا لە گەرمیان دابنرێت بەتەنها بەو گازەی لە بلۆکی نەوتی کوردەمیر هەیە، گازی پێویست بەرهەم دەهێنرێت بۆ کارەبای گەرمیان و بەشی زۆری کوردستان.

کێڵگەی کوردەمیر دەکەوێتە سنوری قەزای کەلار، بەڵام هیچ نەوت و گازێکی لێبەرهەم نەهێنراوە، بەوتەی ئەندامەکەی ئەنجومەنەی نوێنەرانی عێراق، هۆکارەکەی ململانیەی سیاسیە لە بابەتی مۆڵەتپێدانەکەی.

لەگەڵ ئەوەشدا هێمای بە گازی کێڵگەی نەوتی حەسیرە کرد کە لەساڵی ٢٠١٦ داوای دروستکردنی وێستگەی کارەبای بۆ کراوە و وتی: چەندین نوسراو و بەدواداچونمان کردوە بۆ دروستکردنی وێستگەیەکی کارەبا لە ناحیەی سەرقەڵا، بڕیاری دروستکردنی وێستگەکەش چەند جارێک گۆڕاوە لە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی ٥٠٠ کیلۆ مێگاواتەوە ئێستا دوایین قسە ئەوەیە بکرێتە وێستگەیەکی مۆبایلی.

د.غالب محەمەد، کە سەرۆکی پێشوتری لیژنەی پیشەسازی و وزە بو لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەو کاتەشدا بە پێی قسەکانی خۆی پرۆژەی وێستگەی کارەبایان بردۆتە بەردەم وەزیری سامانە سروشتیەکان، بەڵام بەبیانوی نەبونی لەوێ نەیبینیون و وەڵامی هیچ نوسراوێکیشی نەداونەتەوە.

وتیشی: ئەرکە لەسەر دانیشتوانی گەرمیان نەهێڵن یەک بەرمیل نەوت لە بیرەنەوتەکان بچێتە دەرەوە تا ئەو کاتەی کارەباکەیان دەکەن بە ٢٤ کاتژمێری، چونکە ئێستا گەرمیان بەس دوکەڵی ژەهراوی گازی بیرە نەوتەکانی بۆ ماوەتەوە.

**٩. کارەبای گەرمیان: کۆتایی بە دوکەڵی بیرەنەوتیەکانی حەسیرە دێت**

دای چەندین ساڵ لە داواکاری و نوسراو، بە پێی دواین زانیاری، کۆمپانیایەکی بریتانی هاتۆتە سەرخەت بۆ ئەوەی ئەو گازەی لە بیرە نەوتیەکانی حەسیرە هەیە بەکاربهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

حازم کەریم، لەمبارەیەوە وتی: کۆمپانیای ئەگریکۆی بریتانی گرێبەستێکی لە گەڵ ئەنجومەنی وەزیران واژۆکردوە بۆ دروستکردنی وێستگەیەکی کارەبایی لە کێڵگەی حەسیرە کە بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وێستگەکە ١٦٥ مێگاواتە.

لەبارەی ئەوەشی بۆچی ئەو بڕە دیاریکراوە، رایگەیاند: لیژنەیەکی کۆمپانیاکە سەردانی بیرە نەوتیەکانی حەسیرەیان کرد، دوای لێکۆڵینەوە گەشت بەوەی کە ئەو بڕە گازە توانای ئەوەندە کارەبای هەیە.

**١٠. بۆچی لە گەرمیان لەرێگەی تیشکی خۆرەوە کارەبا بەرهەم ناهێنرێت؟**

تیشکی خۆر یەکێکە لەسەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی وزە، دەشتوانرێت لە رێگەیەوە کارەبا بەرهەم بهێنرێت. ناوچەی گەرمیان لە روی جوگرافیایەوە بۆ دەستکەوتنی ئەمجۆرە وزەیە لەبارە، بەڵام وەبەرهێنانی تێدا نەکراوە، ئەگەرچی بەپێی زانیاریەکانی یەکەکەمان، وەبەرهێنەر هاتۆتە سەرخەت بۆ ئەم کارە.

حازم کەریم، دانی بەوەدا نا کە وەبەرهێنەر لەگەڵ وەزارەت قسەی کردوە و هاتۆتە گەرمیان و دەیانەوێت ٧٥ مێگاوات کارەبا لەو رێگەیەوە بەرهەمبهێنن.

سالار ئەحمەد، پسپۆری بواری کارەبا، لەسەر ئەم جۆرە بەرهەمهێنانی کارەبایە ئاماژەی بەوەکرد، عێراق بە گشتی و گەرمیانیش باشترین وزەی خۆری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بەشێوەیەک دەتوانرێت لە یەک مەتر دوجا ٥ کیلۆ وات کارەبا بەرهەم بهێنرێت.

لە هەرێم پلان هەیە بەپێی سیستەمێکی نوێ کە ناوی هایدرۆپڵەسە، کارەبا بەرهەم بهێنرێت، لە رێگەی کۆمپانیایەکی ئوسترالی گرێبەستی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران واژۆکردوە، بڕی بەرهەمهێنانی کارەبای ئەم سیستەمە نوێیە بۆ گەرمیان ٥٠ مێگاواتە.

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان هێمای بەوەکرد "لە ناحیەی باوەنور شوێن بۆ ئەم پرۆژەیە دیاریکراوە".

### ١١. چالاكوانی كۆمەڵگەی مەدەنی: حكومەت نایەوێت كێشەی كارەبا چارەسەر بكات

چالاكوانێكی كۆمەڵگەی مەدەنی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی كێشەی كارەبا بە ئاسانی دەتوانرێت چارەسەر بكرێت بەهۆی ئەو سامانە سروشتیەی لەگەرمیان هەیە، دەڵێت: "بەڵام دەسەڵاتی مەركەزی ئەوەی ناوێت".

هونەر عەلی، چالاكوانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە كەلار ، ئاماژەی بەوەكرد لە هەمو كوردستان كێشەی كارەبامان هەیە، ئەوەشی كە وایكردوە كێشەكە قوڵتر ببێتەوە كێشەی بڕیاردانی مەركەزیە لەسەر كێشەی كارەبا، چونكە وەكخۆی وتی: "حكومەت خۆی نایەوێت كێشەی كارەبا نەمێنێت، ئەگینا وێستگەی كارەبامان هەیە گازوایلی بۆ دابین ناكات".

باسی لەوەشكرد: "چەندین ساڵ پێش ئێستا بڕیاری دروستكردنی وێستگەیەكی بەرهەمهێنانی كارەبا درا لە گەرمیان، تەنها بڕیارەكەمان بینی و هیچ نەكرا، ئەگەر قەیرانی دارایش هەبێت نابێت كارەكە بوەستێت، چونكە ئەم بە كۆمپانیای كەرتی تایبەت دروستی دەكات و تەنانەت حكومەت قازانجیش دەكات".

لە بارەی وەرگرتنی پارەی كارەبا لە هاوڵاتیان باسی لەوەكرد: یەكێكی تر لە كێشە هەرە گەورەكانی هاوڵاتیان ئەو نرخە پارە زۆرەی كارەبایە كە كاتژمێرەكانی كارەباش وەكپێویست نیە.

### دووەم: كارەبای مۆلیدە ئەهلیەكان

#### ١.نرخی مۆلیدە ئەهلیەكان

ماوەی چەندین ساڵە لە گەرمیان وەک ناوچەكانی دیكەی هەرێم بۆ پڕكردنەوەی كاتژمێرەكانی كارەبای نیشتمانی، لەرێگەی مۆلیدەی گەڕەكەوە كارەبا بۆ ماڵان دابیندەكرێت، نرخی ئەمپێری مانگانە بەشێكە لە نیگەرانی بەكارهێنەرانی.

هاوڵاتیان بۆ كەمكردنەوەی نرخی مۆلیدەكان داوادەكەن ئیدارەی شار گاز بۆ مۆلیدەكان دابین بكەن بۆ ئەوەی نرخ دابەزێنن.

هەڵمەت عومەر، دانیشتوی كەلار، ئاماژەی بەوەكرد نرخەكەی بەزۆر دەزانێت و داوادەكات ئیدارەی شار بتوانێت گاز بۆ مۆلیدەكان دابین بكات بۆ ئەوەی نرخەكەی لەسەر هاوڵاتی كەمبكرێتەوە.

حسێن حەسەن، دانیشتوی ناحیەی رزگاریە، باسی لەوەکرد مۆلیدە ئەهلیەکان دەورێکی باشیان هەیە لە پڕکردنەوەی بۆشایی نەبونی کارەبای نیشتیمانی، بەڵام زۆرجار ماوەیەکی زۆری پێدەچێت دوای بڕانی کارەبای نیشتمانی، تاوەکو کارەبایان پێ دەدرێت، کەچی لەکاتی پارەدان ئەم حسابە ناکرێت.

لەبەرامبەردا سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکانی کەلار رایدەگەیەنێت: نرخی ئەمپێری مۆلیدە ئەهلیەکان "بە پێی نرخی گازوایل دیاری دەکرێت."

دانیشتوانی گوندەکان دەڵێن ئێمەش بەهۆی کەمی کاتژمێرەکانی کارەباوە پێویستمان بە مۆلیدە هەیە. سەردار حسێن، دانیشتوی گوندی (بێڕەش)، وتی: چەند جارێک داواکاریمان کردوە بۆیان دابیننەکردوین.

## ٢. ئاستی ڤۆڵتیە

هاوڵاتیان رایان جیاوازە بەهۆی جیاوازی شوێن و مۆلیدەکانیان، هەیانە ئاستی ڤۆڵتیەی مۆلیدەی گەڕەکەکەیانی پێباشە، هەشیانە دەڵێن بەهۆی نزمی ڤۆڵتیەی مۆلیدەوە سکاڵامان کردوە، بەڵام وەڵاممان وەرنەگرتوە.

نەسرین عەلی، دانیشتوی کەلارە، لەبارەی کارپێکردنی ئامێرەکانیان بە مۆلیدە ئەهلیەکان، وتی: بەپێی ئەو ئەمپێرانەی هەمانە پێویستی سەرەتایمان بۆ بەردەست دەخات.

لە ناحیەی باوەنور بەپێی مۆلیدەکان ڤۆڵتیەکان دەگۆڕێت. هەکاری محەمەد، وتی: هەندێک مۆلیدە قورسایی کەمتری لەسەرە و لە سنوری توانای مۆلیدەکەیدایە، بەڵام هەندێک مۆلیدە زیاتر لە توانای خۆی کارەبای داوە بەماڵانی تر، بۆیە ڤۆڵتیەی کەمتر دەگات.

دەشڵێت: کێشەکەمان گەیاندوە و چاوەڕێی ئیجرائاتین لەوبارەیەوە.

لە ناحیەی رزگاریش نزمی ڤۆڵتیەی مۆلیدەئەهلیەکان یەکێکە لە گرفتەکان. حسێن حەسەن، دانیشتوی ناحیەکەیە لە قسەکانیدا جەختی لەم گرفتەکردەوە و وتی: ناتوانین لە یەک موبەریدە زیاتر کار بەهیچ ئامێرێکی دیکە بکەین.

جەلال حسێن، ئەندامی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکانی قەزای کفری دەڵێت: بە بەردەوامی دەگەڕێین و یەکێک لەو سکاڵانەشی کە هاوڵاتیان زۆر گلەی لێدەکەن نزمی ڤۆڵتیە لێپێچینەوە و سزادانیش بەردەوامە.

## ٣. سەرۆکی لیژنەی مۆلیدەئەهلیەکان: کەمتەرخەم نین لە لێپێچینەوە

سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکان باس لەوەدەکەن بە وردی چاودێری کاری مۆلیدەکان دەکەن لە هەر سەرپێچیەک کەهاوڵاتی ئاگەداریان بکاتەوە و بەدواداچون دەکەن.

فەرهاد محەمەد، لەم بارەیەوە وتی: هەر خاوەن مۆلیدەیەک سەرپێچی بکات لە درەنگ خستنەکار و نزمی ڤۆڵتیە، سزا دراوە. ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: سزای مادیان هەبوە یەک ملیۆن دینار بوە.

بە پێی ئامارەکانیشیان لەمانگی حوزەیراندا ٧ مۆلیدە سزا دراون.

ئەو ئامێرانەی کە دانراوە بۆ دانای کاتژمێرەکانی مۆلیدەکان بە جۆرێک دانراوە هەر خاوەن مۆلیدەیەک دەستکاری بکات ئەوا دەسوتێت. (فەرهاد محەمەد) وادەڵێت.

لیژنەکان دەتوانن سەرپێچیەکان دیاری بکەن، بەڵام دەسەڵاتی دیاریکردنی سزاکان لە لای خودی قایمقامەکانە.

جەلال حەسەن، لەمبارەیەوە وتی: بەڵێ ئێمە دەسەڵاتی تەواومان هەیە بۆ لێپێچینەوە لە خاوەن مۆلیدەکان، بەڵام بڕیاری کۆتایی لای قایمقامی قەزاکەیە کە بڕی سزاکە و جۆرەکەی دیاری دەکات.

لەبارەی ئەوەشی بەهۆی سەرپێچیەوە هیچ خاوەن مۆلیدەیەک لە کارەکەی بێبەشکراوە؟ وتی: "لە کاتی دەستبەکاربونی ئەم لیژنەیەی ئێمە سەرپێچیەکان زۆر زەق نین، هەربۆیە سزاکانیشمان قورس نەبون تا ئێستا".

بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن بە ئاسانی سکاڵا تۆمار بکەن ژمارەی تایبەتی لیژنەکان لەسەر هەمو مۆلیدەکان دانراوە.

## ٤. دەنگی مۆلیدەکان هاوڵاتیانی بێزارکردوە

هەڵمەت عومەر، دانیشتوی کەلار، باس لەوەدەکات دەنگی بەرزی مۆلیدە بێزاری کردون، بەوتەی خۆی لە هەمو ژورەکانیان دەنگی مۆلیدە دێت، ئەمە جگە لە کاریگەریە ژینگەییەکانی دوکەڵەکەی.

لە قەزای کفریش دەنگی بەرزی مۆلیدەی گەڕەکەکان هاوڵاتیانی بێزار کردوە. ئالان حەسەن، هاوڵاتی لەقەزای کفری، دەڵێت: "ئەو ماڵانەی نزیک بە مۆلیدەکانن دەنگە بەرزەکەی هەراسانی کردون".

جەلال حسێن، ئەندامی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکانی قەیمقامیەتی قەزای کفری، وتی: گۆڕینی مۆلیدەکان لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە، بەڵام هەوڵمانداوە دورییان لە ماڵان کەمتر نەبێت لە ٥٠ مەتر.

## بەشی دووەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە

### ١. دەرئەنجام

١. لە گەرمیان ٧٢ حەفتاو دو هەزارو ٤٩١ چوارسەدو نەوەدو یەک هاوبەشی کارەبا هەیە، بەڕێژە ٥،٤٪ هاوبەشی کارەبای کوردستان لە گەرمیانە.

٢. بڕی (١١٠ -١١٤) مێگاوات بۆ کارەبای مانگی حوزەیرانی گەرمیان دیاریکراوە کە دەکاتە (١٤ -١٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، ئەم بڕە جێگیر نیە و لەسەر بڕی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێم دەوەستێت، بەڵام وەک بەرپرسانی کارەبا ئاماژەیان پێکردوە ئەگەر وێستگەی کارەبای خەبات بکەوێتە کار بۆ مانگی تەموز، کاتژمێرەکانی کارەبا کەم ناکەنەوە. هاوڵاتیانیش بە گشتی گرفتیان لە گەڵ کاتژمێرەکانی کارەبا هەیە و دەڵێن کەمە.

٣. توانای ڤۆڵتیەی کارەبا جێگیرە کە ١٣٢ کیلۆ ڤۆڵتە، ئەگەرچی هاوڵاتیان هەندێکجار ڕەخنەیان هەیە لەوبارەوە.

٤. زیادەڕۆیی یەکێکە لە کێشە گەورەکانی کارەبای گەرمیان، بەرپرسانی کارەبا دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە زیادەڕۆی و سەرپێچی کارەبا وایکردوە بە ڕێژەی ٤٤٪کارەبا لەو ڕێگەیەوە بڕوات و هاوڵاتیان باجەکەی بدەن.

٥. ڕاکێشانی کارەبا بۆ ماڵان لە سنورەکە بە شێوازی سەرزەویە واتە ستون "عمود" بەکاردەهێندرێت، هەوڵنەدراوە بۆ گۆڕینی بۆ شێوازی ژێرزەوی، تەنانەت لە پرۆژە نیشتەجێبونەکانیش دا تەنها یەک پرۆژە ئەم سیستەمەی پەیڕەو کردوە.

٦. ٤٣ گوندی گەرمیان بێکارەبایە و حکومەت هیچی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نەکردوە.

٧. داواکراوە ڕەچاوی پلەی بەرزی گەرما لە وەرزی هاوین بکرێت لە گەرمیان بۆ ئەمەش دەکرێت بڕی مێگاواتی زیاتر دابینبکرێت بۆ سنورەکە، بەڵام تائێستا نەکراوە.

٨. ساڵانە ژمارەیەکی زۆر کارمەندی بەڕێوبەرایەتیەکانی دابەشکردنی کارەبا خانەنیشین دەبن، لەبەرامبەردا هیچ جێگرەوەیەکیان نیە.

٩. دوسەرچاوەی سەرەکی هەیە لە سنورەکە کە دەتوانرێت کارەبای لێبەرهەم بهێنرێت: گاز و نەوت، لەگەڵ خۆر. بۆ یەکەمیان پرۆژە ئامادەکراوە و قەیرانی دارایی وەستاندویەتی، بۆ دوەمیشیان تەنها لە قۆناغی بیرۆکەدایە.

١٠. هاوڵاتیان گلەی لە نزمی ڤۆڵتیە و زۆری نرخ و درەنگ خستنە ئیشی مۆلیدە ئەهلیەکان دەکەن، لیژنەکانی مۆلیدەش لە قایمقامیەتەکان دەڵێن: بە باشی چاودێریان دەکەین.

## ٢. راسپاردە

١. بەوپێیەی زیادەڕۆییکردن و بەنایاسایی کێشانی کارەبا یەکێکە لە کێشە گەورەکان و سەرچاوەی سەرەکی بەفیرۆچونی کارەبایە، بۆیە دەبێت هەوڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بەم دیاردەیە چڕ بکرێتەوە و بخرێتە ئەولەویەتی کارەکانی وەزارەتی کارەباوە. ئەم راستیە بۆ گەرمیانیش هەمان شتە و دەبێت بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان لەم پرسەدا ساردیی نەنوێنێت.

٢. دانانی پێوەری زیرەک بە سەرچاوەی کۆتایی هاتن بە زۆر کێشەی کارەبا دادەنرێت، بۆیە دەبێت پەلە بکرێت لە تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە کە ئێستا کارەکانی راگیراوە بەهۆی رێکارەکانی کۆرناوە. لەکاتێکدا دەوامی فەرمی وردە وردە ئاسایی دەبێتەوە، ئەم پرۆسەش دەبێت دەستپێبکاتەوە.

٣. وادیارە هۆشیاری هاوڵاتیان بۆ بەکارهێنانی کارەبای نیشتمانی وەکو پێویست نیە، ئەمەش لەلایەک پێویست بە هەڵمەتی هۆشیاری بەردەوام دەکات، لەلایەکی تریشەوە بە رێکاری نوێ و گونجاو بۆ رێگەگرتن لە نایەکسانی لە خەرجکردنی کارەبا و بەفیرۆدانی دا. رەنگە پێوەری کارەبا یەکێک بێت لە چارەسەرە گونجاوەکان بۆ ئەم کێشەیە.

٤. دەتوانرێت بۆ کەمکردنەوەی لۆدی زۆر لەسەر کارەبا بەهۆی ئامێرەکانی فێنکردنەوە، مەرجی نوێ بۆ دروستکردنی خانو بینا دابنرێت بە بەکارهێنانی سیستەمی فێنکەرەوەی جیاواز کە وزەی کەمتر بوێت، یان بە گۆڕانکارییکردن لە شێوازی دروستکردنی خانو و بەرکارهێنانی ئەو مەوادە بونیادیانەی کە دۆستی ژینگەن، یاخود وزەی کەمتریان پێویستە بۆ گەرم و سارد کردنەوە.

٥. ماوەی چەندین ساڵە باس لە دروستکردنی وێستگەیەکی کارەبا دەکرێت لە ناحیەی سەرقەڵا، کە بڕیارە بە سوتەمەنی ئەو گازەی لە کێڵگە نەوتیەکانی حەسیرە بەفیرۆدەچێت، کارەبای لێبەرهەم بهێندرێت. بۆ ئەمەش پێوستە هەوڵی جدی بدرێت و پێداگیری لەسەر دروستکردنی بکرێتەوە کە دەرئەنجام سودێکی زۆری دەبێت بۆ ناوچەکە.

٦. له بەشێکی زۆری وڵاتان خۆر کراوە بە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی کارەبا، لە گەرمیانیش سەرچاوەیەکی باشی وزەی خۆر هەیە و سودی لێنەبینراوە بۆ کارەبا، دەکرێت بە بەرنامەیەک بتوانرێت بڕێکی باشی کارەبای لێبەرهەم بهێنرێت و دەشتوانرێت لە رێگەی کەرتی تایبەت و کۆمپانیای نێودەوڵەتیەوە ئەم کارە بکرێت.

٧. راکێشانی کارەبا لە ژێر زەوی کۆمەڵێک دیوی ئیجابی هەیە و بەگشتی سودەکانی زۆرتر دەبن، دەبێت گرنگی بەم سیستەمە بدرێت و لەسەرەتاشەوە دەکرێت بە بڕیارێک ئەو پرۆژە نوێیانەی نیشتەجێبون لە گەرمیان دروست دەکرێت وەبەرهێنەکانیان ناچاربکرێت ئەم شێوازەی راکێشانی کارەبا پەیڕەوبکەن.

٨. گەرمیان ٤٣ گوندی بێکارەبایە، کۆی گشتی ئەو ماڵانەی لەو گوندانە نیشتەجێن ٢٤٢ ماڵن، لەکاتێکدا گەرمای گەرمیان لە وەرزی هاوین دا تاقەتپڕوکێنە، هەربۆیە ئەو خێزانەی لەو گوندانەن بەهۆی نەبونی کارەباوە چەرمەسەری زۆر دەبینن. دەبێت حکومەت هێڵی کارەبا بۆ ئەو گوندانە رابکێشێت، بەشێوەی کاتییش بە مۆلیدە وزەی گونجاو بەو گوندانە بدات.

٩. بەهۆی خانەنشینبونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کارمەندانیان، بەڕێوبەرایەتیەکانی دابەشکردنی کارەبا روبەڕوی گرفت بونەتەوە، بۆ ئەمە دەبێت بەشێوەی گرێبەست یاخود رێگەی دیکە ئەو بۆشایە گەورەیەی دروست بوە، پڕ بکرێتەوە.

١٠. مۆلیدەئەهلیەکان دەکرێت ئیدارەی قەزا و ناحیەکان سوتەمەنیان بۆ دابینبکەن بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر هاوڵاتیان، هەروەک دەبێت چاودێری وردبکرێن بۆ کەمکردنەوەی گلەیی هاوڵاتیان.

**بەشی سێیەم: ناساندن**

## ١. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

❊ ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

❊ کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٢. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## ٣. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com yakaychawderigarmyan@gmail.com

www.radiodang.org